# پیاوسالاری و نـ

# بۆ مامەڵەکردن لەگـ



**لەسیســـتەمی ســـەربازیدا هەر هەڵەیەك ســـزای هەیە و هیچ بوارێك نییە بۆ سازشـــکردن و چاوپۆشین لەو هەڵەیە، تەنانەت ئەگەر شایەنی باس کردنیش نەبێت، لەکۆمەڵگەی کوردەواریش تا ڕاددەیەکی زۆر بەو شـــێوەیە مامەڵە لەگەڵ ئافرەت دەکرێت کە بچووکترین هەڵەی لەسەر حیســـابەو دوور نییە ســـزاش بدرێت، لەســـەری تەنانەت ئەگەر زۆر بچووك و شایەنی باس**

**سووکایەتی پێکردن و بێزارکردن**

ئاشتی عەزیز ئەندامی پەرلەمانی کوردستان پێیوایە ئافرەتی کورد تائێســـتا لەژێر یاسایی ســـەربازیدایەو دەڵێت «چونکـــە دەرئەنجامی ئـــەم کردەوانـــە دابوونەریتیـــە کەلتـــووری کۆمەڵایەتیەکانـــن، کۆمەڵگـــە هانی تاکەکان دەدات بەوشێوەیە مامەڵە لەگەڵ ئافرەت بکات، زۆرجـــار پیاو بەئـــارەزووی خۆی ئەم شـــتانە بەرامبەر بەئافرەت دەکات بەبێ ئەوەی ئافرەتەکە هیچی کردبێت واتا وەك ئەوەی سەربازێك کاتێك ســـزا دەدرێت کە لەیاسای سەربازی هەڵهاتبێت و تاوانباربکرێت بەوەی کەخزمەتی ســـەربازی نەکردووە، ئەو کات دادگا ســـزای دەدات بەبێ هۆکار کۆمەڵگە خۆی دەکاتە دادگاو ســـزای دەدات واتا ئەم شتانە هەمووی دەرئەنجامی نەریتێکی کەلتووری پیاو سالارین، ئێمە هەموومان هەســـتمان بەسووکایەتی کردنـــی ئافرەتانمان کردووە، ئەگەر ســـەیر بکەیـــن سیســـتەمێکی عەســـکەری بەرامبەر بەئافرەت پەیـــڕەو دەکرێـــت هـــەر لەئەتکردنی جەستەیەوە هەتا لـــووت بڕین کە یە کێکـــە لەنەریتە خێڵەکیـــەکان و هەتا بەردباران کردن و تەنانەت کوشتنیش ئەمانە هەمووی ئەو شتانەن کە هەندێ لە پیاوان بەرامبەر ئافرەتان دەیکەن بەبیانووی ئـــەوەی ئافرەت لەنەریتی کۆمەڵگە لایـــداوە، دەبینین چۆن لەحوکمی ســـەربازی ئەفســـەرێك خۆی دەکاتە حاکم و حوکم بەسەر خەڵکـــدا دەدا، بەهەمان شـــێوە لەکۆمەڵگەی کوردەواریـــدا دەبینین کوڕێکـــی ماڵەکە دەبێتە حاکـــم و حوکم بەســـەر خوشـــك و دایکی و کچەکەیدا دەدات، واتـــا پیاو لەم کاتەدا دەبێتە دادوەر و دادگاش و بەئارەزووی خۆی حوکمی ئافـــرەت دەدات، ئەگەر وردبینـــەوە کۆمەڵگە لەبەرکارهێنانـــی ئـــەم سیستەمە سەربازییە غـــەدر لەئافـــرەت دەکات، چونکـــە ئافرەت کائینێکی بەتوانایە وەك مەســـەلەی منداڵبوون و مەســـەلەی دایکایەتی کە نموونەی قوربانی دانی ئافرەتانن بۆ پێشکەوتنی کۆمەڵگە.

**ئافرەت لەنێوان ملکەچبوون و سزاداندا**

خانمی ڕەحیمی چالاکوانی ئافرەتان پێیوایە «زۆر بەداخەوە لەکۆمەڵگـــەی ئێمەدا مامەڵەکردنی ئافرەت وەك مامەڵەکردنێکی سەربازی نیزامی وایە لەڕووی ئیلتیزامکردنیـــەوە بەکاتەوە، یان بەهەموو شـــتەکان واتا چۆن سەرباز پەیوەستە بەئیلتیزامـــی کات بەهەمان شـــێوە ئافرەتیش پەیوەســـتە بەئیلتیزامی کاتـــەوە، وەك دەزانین ئێســـتا لەهەموو جیهاندا مەســـەلەی ئافرەت و منداڵ یەکێکە لەباســـە گرنگەکان و هەمیشـــە گرنگیە کـــی زۆری پێدەدرێت، زۆرتـــر





## ـــــەریتی سەربازی

# ـــــەڵ پرسی ئافرەتان

**کـــردن نەبێت و هیچ زیانێکیش لەو کارەی نەکەوێتەوە کە بەهەڵە دادەنرێت، ئەم ڕەفتارەش زۆر لەڕەفتاری کۆمەڵگە سەرەتاییەکانەوە نزیکە، چونکە پیاو و ئافرەت وەك مرۆڤ ئاساییە هەڵە بکەن، بەڵام چاوپۆشی کردن لەهەڵەی پیاو و گەورەکردنی هەمان کار کە ئافرەت ئەنجامی بدات، ئاماژەیە بۆ باوکسالاری و جیاوازی ڕەگەزی کە لەکۆمەڵگەی ئێمەدا باوە.**

جەخت لـــەوە دەکرێتەوە ئەوەی بـــۆ نێرینە واتا پیاوان ڕەوایە، بۆمێیینە واتا ئافرەتان ڕەوانییە، واتا لـــەڕووی ئەوەی کە مێیینە دەبێت لەکاتی خۆیدا بگەڕێتەوە مـــاڵ دەبێت بەگوێی خێزان بکات و نابێت لەهیچ شـــتێك لابدات کە بۆی دانراوە، لەکاتێکدا کە نێرینە کەتەمەنی دەگاتە هەژدە ساڵ تاڕادەیەك ئازادی پێدەدرێت، بەڵام ئافرەت بەپێچەوانەوە هەتا گەورەدەبێت تەنانەت دەشـــبێتە دایك هەر لەلایەن ئـــەو منداڵەوە کە خۆی بوویەتی سزا دەدرێت و زۆربەی شتەکانی لێی قەدەغە دەکرێت.

خانـــم ئەوەدەخاتەڕوو، ئەمە لـــەو ڕوانگەیەوە ســـەرچاوەی گرتـــووە کـــە ژیانـــی ئافرەت سیستەمێکی ســـەربازییە، وەك ئەوەی ئەگەر ســـەربازێك لەکاتـــی خۆیـــدا نەگەڕێتەوە بۆ سەربازگە سزا دەدرێت بەهەمان شێوە ئافرەتێك ئەگەر ئێـــوارە درەنـــگ بگەڕێتـــەوە ماڵەوە ســـزایەکی قورسی وەك سەربازەکە دەدرێت، من نامەوێـــت لەو ڕوانگەیـــەوە لێکچوواندن بکەم، چونکـــە ســـەربازێك بۆماوەی چەند ســـاڵێك لەو سیســـتەمەدا دەژی. کەچـــی ئافرەتێك بە درێژایی تەمەنی لەوانەیە پەنجا شەســـت ساڵ بێت بەم شـــێوەیە ژیان دەباتە سەر، بێگومان ئەم سیستەمە سەربازییە بەرامبەر بەئافرەت بەهۆی هەڵقوڵاوی ئەو دابوونەریتە کۆمەڵایەتییەیە.

### گۆڕانکاری لەکۆمەڵگەی کوردەواری لەسەرخۆیە

توێژەری کۆمەڵایەتی هانا عوسمان سەرۆکی ســـەنتەری چارەســـەری دەروونـــی پێیوایە کۆمەڵگە هیچ گۆڕانێکی بەســـەردا نەهاتووە تەنیا لەلایەنی ماددی گۆڕانی بەسەر هاتووە، هـــەر کۆپیەکـــی جارانەوە وەك خـــۆی تەنیا لەئۆتۆمبێـــل و خانوودا ئێمە پێشـــکەوتووین، بۆنموونـــە زۆر کەس پێیانوایـــە بەزیادکردنی ئافرەتان لەپەرلەمـــان و حکومەت مافەکانی ئافرەتان زامن دەبێت، کە ئەمەش نابێتە پێوەر، چونکە ئەگەر هەمـــوو پەرلەمان و وەزیرەکان و تەنانەت ئەندامانی ســـەرکردایەتی حزبەکان ئافرەت بن هیچ لەمەسەلەکە ناگۆڕێت، بەڵکو تاکە ڕێگە چارەسەری کۆمەڵگەیە بەڕێگەی وشیارکردنەوە، ئەو هەموو ئافرەتە پەرلەمانتارە هەتا ئێستا بیرێك لەپاراستنی مافی ئافرەتی فەرمانبـــەر ناکەنـــەوە، بیـــر لەوەناکەنەوە ئەو ئافرەتانەی فەرمانبەرن منداڵەکانیان لەکوێ و لەچ شوێنێکدا دابنێن.

عەمیدی مافپەروەر دڵشاد شێخ سەعید ئەوەش دەخاتەڕوو کە یاسای سەربازی هیچ گۆڕانێکی گرنگی بەسەردا نەهاتووە تەنیا لێدان و قسەی ناشـــرین نەماوە تەنیا ســـزای جەستەیین وەك مەشـــقپێکردنی زیادە واتا بەهیچ شـــێوەیەك هیچ پۆلیسێك یان قوتابیەکی کۆلێژی پۆلیس یان ســـەربازێك یان هەرکەســـێکی تر لەکاتی مەشقدا ئیهانە ناکرێت، بەهیچ شێوەیەك جنێو بەکارنایەت.

### ئافرەت لەڕوانگەی ئایینەوە

بەشـــێکی زۆر لەو کەسانەی کە ڕاڤەی ئایین دەکەن ئەم کەســـانە وایانکردووە کە ڕاڤەیەکی زۆر تایبەتیان بۆ ئەم باسە هەبێ، واتا بەهۆی تەفســـیری هەڵەی دینەوە ئافرەت هەمیشـــە تووشـــی کێشەبووە و هەمیشـــە ئافرەت باجی هەڵەی ئـــەو کەســـانەی داوە کەبەئارەزووی خۆیان تەفســـیری دین دەکـــەن، واتا زۆرجار هاتوون دەقێکی ئایینی بەشێکیان لێ لابردووە ئەو بەشـــەیان بۆ ئارەزووی خۆیان بەکارهێناوە واتا پیاوە ئایینیەکان ئەو بەشانەی کە گرنگی بەئافرەت دەدەن فەرامۆشـــی دەکـــەن و تەنیا باسی ئەو بەشـــانە دەکەن کە ئازاری ئافرەت دەدەن.

دواتـــر مـــەلا عەبدوڵڵا شـــێرکاوەی وتارخوێن و پێشـــنوێژ بەڕێوەبەری نووســـین لەگۆڤاری پەیامی زانایان دەڵێت «بێگومان بەر لەهاتنی ئایینی ئیســـلام ژیانی هەموو مرۆڤەکان زۆر ســـەختبووە، ئافرەتیش وەك هەموو مرۆڤەکانی تر هیچ مافێکی نەبووە، هەمیشە ئازار دراوە و چەوسێندراوەتەوە، بەڵام دوای ئایینی پیرۆزی ئیســـلام ئافرەت وەك هەموو مرۆڤەکان ئازادی دەســـت کەوت، ئەگەر ئێمە تەماشای ئایینی پیرۆزی ئیســـلام بکەین سێ تەوەرەی گرنگی دەستنیشان کردووە کە ئەویش بنەمای لێبووردەیی و بنەمـــای ڕێزگرتن و بنەمای کارئاســـانیە، چونکە ئامانجی هاتنی ئایینی پیرۆزی ئیسلام بۆئەوەبووە کە مرۆڤەکان بەختەوەر بکات، بەهیچ شێوەیەك ئایینی پیرۆزی ئیسلام لەگەڵ ئەوەنییە کە ئازاری مرۆڤەکان بدات وەك مرۆڤێك، ئایینی پیرۆزی ئیســـلام ڕێزی لەئافرەت ناوە. هەرگیز ئایینی پیرۆزی ئیسلام ڕێگە بەوەنادات ئافرەت بچەوســـێنرێتەوە، لەیەکەم ڕۆژی بڵاوبوونەوەی ئایینی پیرۆزی ئیســـلام هەتا ئەو ڕۆژەی کە پێغەمبەر دروودی خـــوای لێبێت لەدوا وتاری لەتەمەنیـــدا پێشکەشـــکرد کە نزیکەی ســـەد هەزار موســـڵمان لەحەجی ماڵئاوا لەو وتارەدا ئامادەبـــوون، پێغەمبـــەر دروودی خوای لێبێت سێ جار داوای لەهەموو موسڵمانان کرد کەڕێز لەئافرەتان بگرن، بەجۆرێـــك لەهەموو ئایینی پیرۆزی ئیســـلامدا ئەگـــەر بگەڕێین ناتوانین دەقێکی ئایینی بدۆزینەوە کە ئازاری ئافرەتی تێدابێت، واتا هیچ لەدەقەکانی ئاینی پیرۆزی ئیســـلامدا باســـی ئازاردانی ئافرەت نەکراوە و هەموو دەقـــەکان باســـیان لەبەرگری کردن لەئافرەتان کردووە وەك مرۆڤێك، چونکە ئایینی پیرۆزی ئیســـلام زامنی ســـەرجەم مافەکانی مرۆڤ دەکات بەئافرەت و پیاوەوە.



## نەبوونی متمانە و تۆڵە سەندنەوە

# هۆکارێک بۆ هەڵوەشانەوەی خێزان

ئاسۆ/ سابڵاخ

خیانەت چ وشـــەیەکی بێزارو و قێزەونە، خیانەت بۆ هەر مەبەستێك بێ و چ ئامانجێك بپێکێ لەقێزەونی وشـــەکە و کاردانەوەی لەسەر کۆمەڵگە و کاریگەری نێگەتیڤی لەسەر لایەنی خیانەت بەرامبەرکراو کەم ناکاتەوە.. خیانەت لە گەل و نیشتمان، خیانەت لە بڕواو ئامانج، خیانەت لە هاوڕێ و دۆســـت، خیانەت لە هاوســـەر، خیانەت لە.. تاد. هەر خیانەتە و یەك واتا و مەبەســـت دەگەیەنێ ئەویش ناپاکی و بێ وەفایی و لادان لەڕێبازی ژیان و شـــاردنەوەی ڕاستییەکانە. ئەگەر مرۆڤـــی خیانەتکار بەکرداری خیانـــەت زیان بەلایەنەکانی دیکە بگەیەنێ، زەرەرمەندی یەکـــەم لەم کارەیدا خۆیەتی، چونکە ئەگەر بەم کردارەی خۆی تووشـــی هیچ ســـزایەکیش نەبێت، لانی کەم لەکۆمەڵگـــەدا هەموو متمانەیەك لەدەســـت دەدا و کۆمەڵگە بەچاوێکی دیکە سەیری دەکات...

خیانـــەت لەژیانی هاوســـەریدا ســـاڵانە وەك گەورەترین هۆکاری لێکجیابوونەوەی بنەماڵەکان و لێکترازانی ژیانی هاوبەش گەورەترین ڕێژەی ئاماری تەڵاق لەکۆمەڵگەی ئینســـانیدا پێکدێنێ، خیانەت لەژیانی هاوسەریدا بەمانای بێ وەفایی و بێ پەیمانی لەئاست ئەو دەستەواژانەی کە لەسەرەتای ژیانەوە بەیەکتری دەدەن و سڕینەوەی هەموو متمانە و سۆزێك کە پێشتر پەیمانیان دابوو لەپێناویدا بمرن.. ئەم کردارە قێزەونە وانەبێ هەر متمانە لەنێوان هاوسەرەکاندا نەهێڵێت، بەڵکـــو لەبواری دەروونییـــەوە وا لەو تاکانـــە دەکات کە خیانەتیان لەئاســـتدا کراوە کە بڕوا و متمانەیان بەهیچ کەسێك لەکۆمەڵگەدا نەمێنێ، ڕەنگـــە تاڕادەیەك ئەو ئیزنەی پێبدرێت و حەق بەو بێت، چونکـــە کاتێـــك نزیکترین کەس کە هاوســـەرێتی دەرگای هەموو متمانەیەکی شکاندووەو پشتی لەهەموو پەیمان و بەڵێنەکان کردووە، ئەدی خەڵکانی دیکە دەبێ چۆن بن؟

لەکۆمەڵگەی ئێمەدا کە بەشـــێکە لەکۆمەڵگەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاســـت و داب و نەریـــت و کولتووری گشـــت کۆمەڵگەکانـــی ناوچەکـــە کاریگەری بەسەریەکەوە هەیە، خیانەتی هاوســـەری گەورەترین هـــۆکاری لێکجیابوونەوەی هاوســـەرەکانە. پێچەوانەی وڵاتانی ڕۆژئاوا کە بەپێی ئامارێك کە لەساڵی ٢٠٠٧ وەرگیراوە و دەرکەوتووە کە زیاتر لەڕێژەی ٥٠٪ خیانەتە هاوسەرییەکیان پێوەندی بەتاکـــی مێینەوە و خـــودی ژنەوە هەیـــە، لەوڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاســـتدا کە کۆمەڵگەی کوردیش لەبازنەی ئەو کۆمەڵگەیەدایە خیانەتی هاوســـەری زۆربەی هـــەرە زۆری واتە ڕێژە بەرچاوەکەی تاکی نێرینە و پیاو دەگرێتەوە، واتە خیانەت لەپیاوەوە سەرهەڵدەدا و، هۆکارەکەشی ڕوونە، پیاو چونکە لەکۆمەڵگە و بنەماڵەدا باڵادەستە و دەســـەڵاتی یەکەمی هەیە، ئـــەوە پاڵنەرێکە بۆئەوەی هەستە ئاگرینە جینسییەکانی لەڕێگایەکی دیکەوەو دابمرکێنێتەوە و ڕێبازێکی ناڕاســـت لەڕێبازی دروســـت بۆ ژیانی هاوسەری هەڵبژێرێ کە بەزۆری لەخیانەتی هاوسەریدا دەبیندرێتەوە.

کاردانەوەی لایەنی بەرامبەر واتە تاکی مێینە و هاوسەری پیاو لەئاست کرداری خیانەتی مێردەکانیاندا چۆنە؟ ئایا ئەوان بەدوای دەرکەوتنی خیانەتی هاوسەری بۆ سەندنەوەی تۆڵە، یان بۆ سزادانی مێردەکانیان، یان بۆ دەرباز بوون لەو قەیرانە ڕۆحییەی تێیکەوتوون چ ڕێگایەك هەڵدەبژێرن؟ بەداخەوە دەبێ بڵێین ڕێگایەکـــی نەشـــیاوتر و قێزەونتـــر لەکرداری خیانەتکارانـــی هاوســـەرەکانیان، ئەویـــش وەڵامدانـــەوەی

خیانەت بەخیانەت!! کە بەزۆریش خۆیان دەبنە قوربانی یەکەمی ئەو کردارەی بۆ تۆڵەسەندنەوە ئەنجامی دەدەن!!
«شـیرین» تەمەنی لەنێوان ٣٥ هەتا ٤٠ ساڵیدایە و ئەمڕۆ دوا بڕیاری دادگـەی بۆ گەڕاوەتەوە، ئەویـش جیابوونەوە لەمێرد و منداڵەکانی و ٥ سـاڵ مانەوەی لەبەندیخانەدا. پەشیمانی، ترس، شەرم تەواوی جەستە و ڕووحی داگیرکردووە، دەیهەوێت بەفرمێسك و گریـان کەمێك ئازارەکانـی ڕۆحی کەم کاتەوەو سـووکناییەك بدات بەخۆی، لەهەموو ئەو پرسـیارانەی ئاڕاستەی دەکرێن خۆی دەدزێتەوەو سـەر دادەخات. حەز دەکەم لەنزیکەوە بیدوێنم و هۆکاری پەنابردن بۆ خیانەتی هاوسـەری لێبپرسم، دەزانم لەبارێکی ڕۆحی وادایە کە ئەو مەجالەم پێنادات و پرسـیارەکانم بێ وەڵام دەمێنێتەوە، خوشـکی «شیرین» کە خەمێکی قوڵ بەسیمایەوە دیارە لەڕێڕەوی دادگادا بەبێ ویسـتی خۆی دێت و دەچێت.. لێی نزیك دەبمەوە و بەشێك لەو پرسیارانەی کە دەبێ لە شیرینی بکەم لەوی دەکەم، تا هەندێك لەوەڵامەکان وەربگرمەوە.





• چ هۆکارێك وای لە شیرین کرد پەنا بۆ کرداری قێزەونی خیانەتی هاوسەری بەرێت؟
- بەرلەوەی «شـیرین» و «کامـەران» ژیانی هاوبەش پێك بهێنن، «کامەران»م دەناسی، لەسەرەتادا بەپیاوێکی دروسـتکار و بەوەفا و بەسـۆز خۆی نیشان دەدا، هیچ گومانێکی بۆ بنەماڵەکەمان نەهێشـتبۆوە کە لەو پیاوە بەئەمەك و بەوەفاتر نییە، هەربۆیە شیرین بێ هیچ دوو دڵییەك ژیانی هاوبەشی لەگەڵ پێکهێنا.
• چەند ساڵ پێکەوە ژیان؟
- نزیکەی ١٠ ساڵ و بەرهەمی ئەو ژیانەشیان کوڕ و کچێکە کە ئێستا لەماڵی باوکمن؟
• نەگەیشـتمە وەڵامەکەم کە چ هۆکارێك پاڵی بە شیرینەوە ناوە خیانەت لەهاوسەرەکەی بکات؟
- لەڕاسـتیدا هۆکارەکەی بۆ «کامەران»ی مێردی دەگەڕێتەوە، «شـیرین» هەتا شەش ساڵ بەسەر ژیانی هاوبەشیاندا ڕانەبرد، هیچ بیری لەوە نەدەکردەوە کە خیانەت لەهاوسەرەکەی بـکات و هاوسـەرەکەی وەك تاقـە سـوارەی خەونەکانی دەهاتە بەرچـاو، ئەو هەموو هیواو ئاواتەکانی لە«کامەران»دا دەدی، بەرلەوەی «شـیرین» پەنـا بـۆ کارێکـی قێزەونی وەك خیانەت بەرێـت، لەدرەنگ دواکەوتنـی کامـەران، یان گەڕانـەوەی هەتـا نیوەی شـەوی «کامـەران» یان دەرکەوتنی شـەوانەی مێردەکەی بەگومان کەوتبـوو، هیچ لەو وەڵامانـەی کامەران، شـیرینی نەدەگەیاندە قەناعـەت، هەتا ڕۆژێکیان داوای لەمن کـرد کە هاوکاری بکەم بۆ ڕوونکردنەوەی ڕاسـتییەك، بۆ ئەوەی هیچ گومانێکی لەدڵیدا نەمێنێت، شـەوێك کە «کامـەران» دەرکەوت، ئێمـەش بەدوایدا ڕۆیشـتین و دیتمان ڕووی لەماڵێك کرد کـە ئێمە باش دەمانزانی ماڵی کێیە، ماڵی بێوەژنێك بوو کە ناوبانگێکی باشی نەبوو، هەموو خەڵك دەیانزانی کێیە!
• شیرین کە ئەوەی دیت چ هەڵوێستێکی وەرگرت؟
- ئەو چی واینەمابوو لەهۆش بچێت، هەتا گەیشتینەوە ماڵەوە هەر دەگریا، کەوتە بارێکی دەروونی زۆر دژوار، نەیدەتوانی بەسەر خۆیدا زاڵ بێـت، دەیگوت لەماوەی ئەو چەند سـاڵەدا «کامەران»م وەك فریشتە وەك پاکترین مرۆڤ هاتۆتە بەرچاو، هیچ چەشنە گومانێکم لێی نەبوو، کەچی ئەوە بوو هەموو سۆزو وەفا و پەیمانەکانی ژیانی هاوسـەری.. پێمگوت هەرچی زووە لەکامەران جیابەوە و بەخۆت ومنداڵەکان بگەڕێوە ماڵەوە، کەسـێك نەتوانێ ببێتە هاوسـەرێکی باش، نابێتە باوکێکی باشـیش بۆ منداڵەکان.. بەڵام دواتر بەداخەوە ئەو بەجۆرێکی دیکە ویستی تۆڵە لە«کامەران» بکاتەوەو قوربانی ئەو تۆڵەیەش خۆی و منداڵەکان بوون...
«شیرین» و شـیرینەکانی ناو کۆمەڵگەی ئێمە کەم نین، کەم نین ئەو ئافرەتانەی کە بۆ تۆڵەسەندنەوە لەخیانەتی مێردەکانیان پەنا بۆ هەمان کردار نەبەن کە هاوسـەرەکانیان بەرامبەریان ئەنجامیان داوە، ئەوان پێیانوایە ئەم کردارە تۆڵەیەکە بەرامبەر هاوسەرە بێ وەفاکانیان، کەچی نازانن سـووتماکی ئەو ئاگرە تەنیا خۆیان و منداڵەکانیان و بەس.. پرسیارێك لێرەدا دێتە گۆڕێ لەبنەڕەتدا هۆکاری سەرهەڵدانی خیانەت لەژیانی هاوسـەریدا بۆچی دەگەڕێتەوە؟ بۆ تاکی نێرینە کە پیاوەو خاوەن دەسـەڵاتی یەکەمە لێی بەرپرسە، یان تاکی مێینە کە کۆڵەکەی ژیانی هاوبەشـی ڕاگرتووە؟ لەبواری کۆمەڵناسییەوە هۆکارەکان زۆرن؟ کە ئاماژە بەچەند هۆکارێك دەکەین.
١- پێکهێنانی ژیانی هاوبەش لەڕێگای سیستەمی هۆز و عەشیرە و ماڵباتەوە، وەك ئەوەی کە کچ و کوڕ بەبێ ویسـتی خۆیان ژیانی هاوبەشیان لەلایەن گەورەکانەوە بۆ دیاری کرابێ و هیچیان بەو پرۆسە هاوسەرگیرییە ڕازی نەبووبن، هۆکارێکە بۆ دروستبوونی خیانەتی



هاوسەری.

٢- بێ وەفایی و نەبوونی خۆشەویستی لەنێوانیاندا، زۆر پەیوەست بوونی پیاو بەکار و کۆکردنەوەی سەرمایە و دروست بوونی بۆشایی خۆشەویستی لەنێوان ژن و پیاو، بەجۆرێك ببێتە پاڵنەرێك بۆ ئەوەی کە ژنە لەرێگای دیکەوە ئەم بۆشاییە پڕ بکاتەوە و بەزۆریش بەلاڕێدا دەڕوات.

٣- ساردی جینسی و سۆزداری لەنێوان هەردوولایەنی ژیاندا، دوای دەستپێکردنی ژیانی هاوبەش، یەکێك لەدوو جەمسەری ژیان بەهەر هۆیەك بێت تووشی ساردی سۆزداری یا ساردی جینسی ببێت ئەمەش پاڵنەرێکە بۆ خیانەتی هاوسەری.

٤- هەستی پاوانخوازی و مەیل بۆ هێنانی ژنی دووەم و نەبوونی پاڵپشتی مادی و کۆمەڵایەتی بۆ ئەم مەبەستە لەلایەن پیاوانەوە..

٥- هەستی بەکەمگرتنی هاوسەر لەلایەن پیاوەوە ئەمە وا دەکات ژنە وەك تۆڵەیەك لەو بێڕێزییەی بەرامبەر پیاوەکەی مێردەکەی پێیدەکرێت پەنا بۆ خیانەت بەرێت..

٦- هەژاری و دەستکورتی وا لەهەردوو ڕەگەز دەکات هەم بۆ دەربازبوون لەو بارە ڕۆحییە و هەم بۆ بردنەسەری بواری ماددی پەنا بۆ خیانەتی هاوسەری بەرن کە ئەمەش زیاتر پێوەندی بەئافرەتەوە هەیە.

٧- لەئاکامدا ئاشکرابوونی خیانەتی هاوسەری لەلایەن پیاو یا ژنەوە و هەستی تۆڵەسەندنەوە لەبەرامبەرەکەی بەهەمان ئەو کردارەی کە لایەنی بەرامبەری پێ تاوانبار دەکات.

ئەمانە و چەندین هۆکاری تر پاڵنەرن بۆ سەرهەڵدانی خیانەتی هاوسەری. ئەو هەستی وەڵامدانەوەی خیانەت بەخیانەت کە لەتاکی مێینەدا بەزۆری دەبیندرێ، ئەوەی قوربانی سەرەکییە لە ئاشکرابوونی پێوەندییە خیانەتکارییەکەدا بەزۆری منداڵەکانن، چونکە نە باوك ئەو سۆز و خۆشەویستیەی بۆ وان دەبێت و نە دایك بەم جۆرە سەیریان دەکات. ئەو ئافرەتەی کە پێیوایە بەخیانەت وەڵامی خیانەت دەداتەوە، دەبێ ئەو ڕاستییە بزانێ کە ئەمە ڕێگا نییە بۆ دەرباز بوون لەو قەیرانە ڕۆحیی و کۆمەڵایەتییە، بگرە چارەسەرکردنی کێشەیەکی لەم چەشنە زۆر ڕێگای دیکە هەیە و تەنانەت جیابوونەوە و لێکترازاندنی ژیانی هاوبەش زۆر پیرۆزتر و جێگای ڕێزترە لەپەنابردن بۆ کرداری خیانەت. لەبواری کۆمەڵناسییەوە ئەم ئافرەتەی وەڵامی خیانەت بەخیانەت دەداتەوە، خۆی لەخۆیدا زەمینەی خیانەتکردنی تێدا هەیە، دەیهەوێ پاساوی خیانەتکردنەکەی بەوە بداتەوە کە مادام هاوسەرەکەی خیانەت دەکات، ئەویش بۆ تۆڵەکردنەوە ئەو ڕێگایە دەگرێتە بەر..

جار هەیە خیانەت هەر بەخیانەتی هاوسەری کۆتایی نایەت و بەمەرگی یەکێك لەدوو جەمسەری ژیان کۆتایی دێت، ئەو کاتەی کە خیانەتەکە ئاشکرا دەبێت، بەزۆری پیاوەکە و هەندێك جاریش هەبووە ژنەکە هاوسەرەکەی خۆی کردۆتە قوربانی بەم جۆرەی تۆڵەی خۆی کردۆتەوە.

د.عەلی ئینتیزاری کۆمەڵناس و مامۆستای زانکۆ ڕایوایە کە لەکۆمەڵگەدا وەفا و سۆز و خۆشەویستی نەما، خیانەتی هاوسەری لەمنداڵدانی ئەو کۆمەڵگەیە دێتە لەدایك بوون، هەرچەندە لەو نێوەدا ژن و پیاوی وا هەیە بەهیچ جۆرێك و لەهیچ هەلومەرجێکدا پەنا بۆ کرداری قێزەونی وەك خیانەت نابەن و بەپاکی و ڕاستگۆییەوە کۆتایی بەژیانی هاوبەش لەگەڵ هاوسەرە خیانەتکارەکانیان دێنن، ئەوە بەگونجاوترین ڕێگا دەزانن، چونکە کاتێك پردی متمانە لەنێوانیاندا پسا وا باشترە هەموو پردەکان بپسێن نەك کرداری تۆڵەی خیانەت بەخیانەت بێتە گۆڕێ.



# مەرگی گوڵە

کاتێك مەهدی گوڵاڵەی بێوەژنی خواست، چیتر نە ئەم ئاگای لە خێزانی یەکەمی و ڕەوە مناڵەکانی خۆی ما، نە گوڵاڵە بە تەمەنی سەروو پەنجا و پێنج ساڵییەوە کوڕو کچەکەنی خۆی لا مانەوە، بۆیە هەرچی خزمانی مەهدی و گوڵاڵەبوو کە ڕوویان تێبکردنایە لێیان لالووت بوون و بە بێ ئەمەك و بوودەڵەیان دەزانین، مێردی کۆن و برای گوڵاڵە پێیان ئاسایی بوو ملی گوڵە لەسەر تاشەبەردان دابنێن و بە تەورداسان بیپەڕێنن، بەو هەنجەتانە بە نەحلەتیان دەکرد گوایە کە ئاگای لە ژیان و مناڵ و گوزەرانی کوڕو کچەکانی نەماوەو شووی بە پیاوێکی بیست ساڵێك لە خۆی بچووکتر کردووەتەوە، نەیاندەزانی هەرچۆن دەست بە ئاسمانەوە ناگیرێ تا بەفر نەبارێت، ئاوهاش دەست بە دڵی دوو کەسەوە ناگیرێت کە عەشقی یەکتر بووبن و، تا قەفەزی زێڕین کۆیانننەکاتەوە، ئیتر جار هەیە ئەم عەشقە وا لە عاشق دەکات خۆپەرستانەو کوێرانە سۆزی بەکار بێنێ و بەرپرسیارێتیەکانی تری خۆی بۆ بکاتە قوربانی، ئەو شەوە ئەستێرە باڵیان لێکدەخشاندو بە حوزنەوە لە ڕووداوی کوژرانی گوڵاڵەیان دەڕوانی کە لە لایەن کوڕە گەورەکەیەوە بەرگوولالن دەدرێت، خۆ گوڵاڵە شیری مانگای بە ئەرکانی کوڕی نەدابوو تا بەو ڕقەوە هەڵکوتێتە سەری و لە شیرین خەودا گیانی دایکی خەڵتانی خوێن بکات و هیچ وەفایەك بۆ ئەو دایکە دانەنێت کە ئەوەندە مانگان لە زگیدا بە ئارامی گەورەی کردو بە شیری مەمکانی ئەو مەلۆتکەیەیی و حەوتی تری وەك ئەمی خۆی پەروەردەی کرد، لە دوای پەروەردگار دایك ڕۆحی بە کوڕی داوە، کەچی کوڕە ڕۆح لە دایکی دەسێنێتەوە، ئاخۆ چەند ئەم دایکە ئەو قاتیلەی خۆی بە مەلۆتکەیی بە گەردنی خۆیەوە نوساندبێت و بۆنی پێوە کردبێت، ئەوا ئێستا کوڕە بە نەریتی بیابان گولە بە گەردنی دایکەوە دەنێت، لە دوای تاوانەکەشی وەك پۆڕ بۆی بفڕێت و خۆی لە دەست پۆلیس و یاسا بشارێتەوەو ئەی چۆن خۆی لە پەروەردگار دەشارێتەوە، خۆ ئەرکان ماسی نییە تا لە دوای گەورە بوونی بە یاسای تاریکی بنی دەریایەوە دایکەکەی خۆی بخوات، ئەم کارەساتە بەردی شاخان دێنێتە قسان، خۆ ئەم کوشتنە لە پای نامووسیش نەبووە تا هەنجەتانی ناقۆڵای لەو بابەتانەی تەك بخرێت، هەموو مرۆڤێك کتێبێکە ئەگەر دوو ڕستەی هەڵەشی تێدا بێت ئەمە ناکاتە ئەوەی خوێنەرێك بێت و ئاگری تێبەربدات یان لاپەڕەکانی بدڕێنێت، خۆ ئەگەر گوڵە هەڵەشی کردبێت کە هەڵە نەبووەو بە پێی شەرعی خودا شووی بە مەهدی کردووە.

ئەوا هیچ مافێکی کەس نییە لەوەدا ڕۆحی کەسێکی تر دەربکێشێت لەسەر هەڵەو کەموکورتی کە داب و نەریتێکی ڕزیوو لە ڕۆحی خەڵکیدا چاندبنی، بەڵام وادیارە ئەو باوکەی ئەرکان وا کوڕەکەی پەروەردەکردووە کە بە سووکی تەماشای ڕەگەزی بەرانبەر بکات، سوپاس گوزاری دایکیشی نەبێت، وەك دەڵێن کەمی سوپاس گوزاری یان نەبوونی سوپاسگوزاری بەرانبەر ئافرەت ئیتر ئەو ئافرەتە دەزگیران یان دایك یان خوشك یان هاوسەر یان هاوڕێ بێت بریتییە لە کەمی ڕێزو پێزانین بەرانبەر خودی ژیانی مرۆڤایەتی، چۆن کەسێك دەتوانێت چاوەڕوانی ئەوە بێت ژیان پاداشتی بداتەوە کە ئەو کەسە نەتوانێت ڕێز بۆ ئەو کەسانە دابنێت کە بەهاو نرخی بەرز بۆ ژیان دادەنێن و وەك مۆم دەسوتێن تا ژیانی کەسانی تر ڕووناك بکەنەوە، لە پێش هەمووانەوەش دایك، دوای ئەوەی مناڵەکانی گەورە دەکات و لەگەڵ مێردیدا ناگونجێت ئیتر ئەو ئافرەتە کە تەمەنی لەسەرو پەنجا ساڵانەوەیە کەس گەورەی ئەو نییە لە خۆی زیاتر بۆ بڕیاردان لەسەر هەڵبژاردنی کەسێکی تر بۆ تەواوکردنی تەمەنی لەگەڵ ویدا، خۆ ئەگەر هەڵبژاردنەکەشی هەڵە بێت و سەرگەردانی ماڵو مناڵی پیاوێکی تری تێدا بوو بێت، ئەمە یەکسان نابێت لەگەڵ ئەوەی ڕۆحی دەربکێشرێت، هەموو پەنجەکانی تاوان ئێستا درێژن بۆ کوڕەکەی خۆی، ئەمە ئەگەر بە تەواوی ساغ بێتەوە لەسەری ئەوپەڕی کارەسات و تاوانە کە ئەو خانەوادەیە ڕووبەڕووی دەبێتەوە، لێکۆڵینەوە لەسەر ئەم تاوانە زۆر زەحمەتە چاوی لەسەر دابخرێت و بڕیاری کوێرانەی لەسەر بدرێت، هەموو ئەو هاندەرو هۆکارانەی پشتەوەی تاوانەکە شرۆڤەکردنیان پێویستە.